## دەیەمین ساڵیادی

# ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ

### بەبۆنەی دەیەمین ساڵیادی ڕێکەوتنامەی مافەکانی منداڵەوە

**یونیسێف/ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان**

**بەشی ڕاگەیاندن**

1999

### ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ چی یە؟

ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ ڕێکەوتننامەیەکی نیۆدەوڵەتی یە کە مافەکانی مرۆڤی منداڵ دەست نیشان دەکات کە بە هەموو مرۆڤێکی خوار هەژدە ساڵ دەوترێ. لە دوو توێی چل و یەك بەندا یاسایەکی نێودەوڵەتی دەخاتە ڕوو بۆ ئەوەی وڵاتانی ئەندام دابینی ئەوە بکەن کە منداڵان بە بێ هیچ جۆرە جیاوازی کردنێك کەڵك وەردەگرن لە کۆمەك و پاراستنی تایبەت بە خۆیان" بە ئاسانی دەستیان دەگا بە خزمەتگوزاری یەکانی وەك خوێندن و بایەخی تەندروستی" تا ئەوپەری توانا کەسایەتی و تواناو بەهرەکانیان پەرەپێ دەدەن" لە ژینگەیەکی پڕ لە بەختیاری و خۆشەویستی و لێك تێگەیشتندا گەشە دەکەن " وە لە بەدی هێنانی مافەکانیاندا زانیاری یان دەدرێتێ و خۆشیان بەشداری دەکەن.

ڕێکەوتنامەی مافەکانی منداڵ لە بەرواری 1989\11/20 لە لایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بریاری لەسەر دراوە و پاش یەك ساڵ کەمتریش واتە لە بەرواری 1990/9/2 دا چووەتە قۆناغی جێ بەجێکردنەوە. ئەمەش کەمترین ماوەیە کە ڕێکەوتننامەیەك دەربارەی مافەکانی مرۆڤ تیایدا گەشتبێتە قۆناغی جێ بەجێ کردن.

## دیدی ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ چی یە؟

ڕێکەوتننامەکە دەستەیەك ستانداردی جیهانی دەخاتە بەردەست کە دەبێ هەموو وڵاتان پەیرەوی بکەن. ئەم ڕێکەوتننامەیە دیدێکی نوێ بۆ منداڵ دەخاتە ڕوو. منداڵ نە موڵکی باوانیەتی و نە بوونەوەرێکی بێ توانی شایانی خێرە. منداڵ وەك مرۆڤ لەدایك دەبێ و گەورەدەبێ و خاوەنی ماف خۆیەتی. ڕێکەوتننامەکە منداڵ وەك تاکێك و وەك ئەندامێکی خێزان و کۆمەڵگا سەیر دەکات کە خاوەنی ماف و بەرپرسیارێتی خۆیەتی بەپێی تەمەنی و قۆناغی گەشەکردنی. تێگەیشتن لە مافەکانی منداڵ بەم شێوەیە منداڵ وەك گشتێك لەبەرچاودەگرێ. پێداویستی یەکانی منداڵان کە پێشتر قابیلی قسەلەسەر کردن بوو ئێستا لە دوو توێی مافەکانیدا گەڵاڵە کراون کە لەڕووی یاسایی یەوە ئیلزامیان هەیە.

## ناوەرۆکی ڕێکەوتننامەکە چۆن گەڵاڵە کرا؟

بۆ ماوەی زیاتر لە دەساڵ وڵاتان و ڕێکخراوە ناحکوومەتی یەکان و لایەنگرانی ماف مرۆڤ و مافپەروەران و پسپۆرانی بواری تەندروستی و پەروەردە و گەشەی منداڵ و زانایانی ئایینی لە سەراسەری جیهانەوە گفتوگۆیان لەسەر بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە کرد. ئەنجامی ئەم گفتوگۆیانە ئەو بەڵگە نامە گشتی یە بوو کە گرنگی عادات و بەها کلتووری یەکانی لەبەرچاو گرت بۆ پاراستن و گەشەی هاوئاهەنگی منداڵ. ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ ڕەنگدانەوەی ئەو بنەمایانەیە کە لە سیستەمە یاسایی یە گەورەکانی جیهاندا هاتووە و لە هەمان کاتدا پێداویستی یە تایبەتی یەکانی وڵاتانی پەرەئەستێن لەبەرچاودەگرێ.

## ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ چۆن منداڵ پێناسە دەکات؟

ڕێکەوتننامەکە منداڵ بە و کەسە پێناسە دەکات کە تەمەنی لە هەژدە کەمترە مەگەر ئەو یاسایەی دەیگرێتەوە لە وڵاتی خۆیدا تەمەنی باڵقی واتە گەورەیی لەخوار ئەوەوە دابنێ. لەهەندێ حاڵەتیشدا داوا لە وڵاتان کراوە کە دەبێ تەمەنێکی دیاریکراو بۆ هەندێ شت دابنێن وەك تەمەنی دەست بەکار کردن و تەواوکردنی خوێندنی ناچاری. بەڵام لەهەندێ حاڵەتی تردا ڕێکەوتننامەکە دەوڵەتان ناچار ناکات بۆ دیاری کردنی تەمەن بەڵکوو وای بەباش دەزانێ بۆ نموونە ئامۆژگاری دەکات کە منداڵی خوار هەژدە ساڵ سزای حوکمی ئەبەدی و ئیعدام نەدرێن.

## ڕێکەوتننامەکە چۆن مافەکانی منداڵ دەپارێزێ؟

ئەم ڕێکەوتننامەیە بریتی یە لە سەرچاوەیەکی تایبەت بە مافەکانی منداڵ کە دەبێ ستانداردەکانی ماف منداڵ بەپێی ئەو هەڵبسەنگێنرێن و ئەنجامەکان لەگەڵیدا بەراورد بکرێن. ئەو وڵاتانەی کە ڕێکەوتننامەکە پەسەند دەکەن دەبێ یاساو سیاسەت و جێبەجێکردنیان لەگەڵ ستانداردەکانی ڕێکەوتننامەکەدا بگونجێنن و ئەم ستانداردانە بکەنە واقیع بۆ منداڵان و خۆیان لەهەر کارێك بەدوور بگرن کە دژی ئەو ئامانجانە بێ. ئەم وڵاتانە پێویستە ناوبەناو ڕاپۆتی بەرەوپێش چوونی خۆیان لەبەدیهێنانی مافەکانی ناو ڕێکەوتننامەکەدا بدەن بە کۆمیتەیەکی بێلایەن لە کەسانی پسپۆر.

## هەندێ خاڵی گرنگ دەربارەی ڕێکەوتننامەکە

-  ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ یەکەمین لێبڕانی ڕەسمیی جیهانی بوو بەرامبەر منداڵ لە بواری دڵنیابوون لە بەدیهێنانی مافەکانی مرۆڤی منداڵدا و چاودێری کردنی بەرەوپێش چوون لەو بوارەدا.
-  ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ لەلایەن هەندێ قەوارەی نادەوڵەتیشەوە قبوول کراوە بۆنموونە سوپای ڕزگارخوازی گەلی سوودان لە باشووری سوودان ریکەوتننامەکەی قبووڵکردوە.
-  ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ سەرچاوەیەکی پێویستە بۆ هەموو ئەو ڕێکخراوانەی بۆ منداڵ و لەگەڵ منداڵدا ئیش دەکەن وەك ڕێکخراوە ناحکوومەتی یەکان و ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان.
-  بەرپرسیارێتی وڵاتانی پەسەند کردوو بەرامبەر بەدیهێنانی مافەکانی منداڵ ئێستا بووە بە ڕاستی یەك لە ژیانی نێودەوڵەتیدا.
-  ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ پاڵنەری دەست پێشخەری 20/20 بوو. بەپێی ئەم دەست پێشخەری یە کە لەسەرەتای ئەم دەیەیەداهاتە کایەوە وڵاتانی پەرەئەستێن دەبێ 20٪ ی خەرجەگشتی یەکانیان تەرخان بکەن بۆ خزمەتگوزاری یە کۆمەڵایەتی یەکانی وەك خوێندنی سەرەتایی و تەندروستی سەرەتایی و بەدخۆراکی و ئاو ئاوەڕۆ و ڕێکخستنی خێزان. بەهەمان شێوەش وڵاتانی پیشەسازی دەبێ 20٪ ئەو پارەیەی بۆ کۆمەکی پەرەپێدانی وڵاتان تەرخانی دەکەن بۆ هەمان مەبەست بەکار بێنن.
-  ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ هەروەها پاڵنەری مەسەلەی سووك کردن و لابردنی قەرزەکان بووە و کاریگەری یەکی باشی هەبووە لە بەدی هاتنی جووڵانەوەی جیهانی بۆ کەم کردنەوەی هەژاری لە ناو منداڵان و ئافرەتاندا.

## چەند وڵات ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵیان پەسەند کردووە؟

تا تەمووزی ئەمساڵ 191 وڵات ڕێکەوتننامەکەیان پەسەند کردووە. تەنیا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو سۆماڵ پەسەندیان نەکردووە. بەمجۆرە ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ تائیستا لە ڕووی ژمارەی ئەو وڵاتانەوە کە پەسەندیان کردووە بەرفراوانترین ڕێکەوتننامەی پەیوەندیدارە بە مافەکانی مرۆڤەوە. سۆماڵ ناتوانێ ڕێکەوتننامەکە پەسەند بکات چونکە هێشتا حکوومەتێکی دان پێدانراوی نیە. وڵاتە یەکگرتووەکانیش بە ئیمزا کردنی ڕێکەوتننامەکە ئامادەبوونی خۆی بۆ پەسەندکردنیشی نیشان داوە بەڵام پرۆسەی پەسەندکردن لەوێ ئاڵۆزەو زۆری دەوێ. بۆ نموونە ڕێکەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جوداکاری یەك بەرامبەر ئافرەتان (سیداو) حەڤدە ساڵە لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە ئیمزا کراوە بەڵام هێشتا پەسەند نەکراوە.

## یونیسێف چۆن ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ بەکار دەهێنێ؟

سکتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای گرنگی دانی بە مافەکانی مرۆڤ کردووە لە هەموو کارو چالاکی یەکانی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا. بۆنموونە کۆمیساریای باڵای پەنابەران لە بواری دابین کردنی مافەکانی منداڵانی پەنابەردا و ڕێکخراوی کاری جیهانی لە بواری نەهێشتنی کارکردن بە منداڵدا. یونیسێفیش لە پەیامی خۆیدا بەڵێنی داوە بۆ " هاندانی پاراستنی مافەکانی منداڵ و هەوڵ دان بۆ چەسپاندنی مافەکانی منداڵ وەك بنەمایەکی ئەخلاقیی بەدەوام و ستانداردێکی نێونەتەوەیی ڕەفتار بەرامبەر بە منداڵان." لەبەرئەوە یونیسێف هانی بنەماکانی ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ دەدا و هەوڵ دەدا ئەم مافانە بخاتە ناو هەموو بوارەکانی کاریەوە لە بواری هاندان و پرۆژەکان و چاودێری و

هەڵسەنگاندنەوە. یونیسێف نەك هەر هەوڵ دەدا بۆ دابین کردنی ژیان و مانەوەی منداڵان بەڵکوو لە روانگەی رێکەوتننامەی مافەکانی منداڵەوە دەروانێتە بارودۆخی منداڵان بە گشتی.

## وڵاتان چۆن چاودێری جێبەجێکردنی مافەکانی منداڵ دەکەن؟

کۆمیتەی مافەکانی منداڵ کە ئۆرگانێکی نێو دەوڵەتی یە لە جنێڤ و دە ئەندامەکەی لەلایەن وڵاتەکانەوە هەڵبژێدراون، چاودێری جێبەجێکردنی رێکەوتننامەکە دەکات لە جیهاندا. هەموو ئەو وڵاتانەی کە رێکەوتننامەکەیان پەسەند کردووە پێویستە دووساڵ دوای پەسەند کردن و پاشان هەر پێنج ساڵ جارێك راپۆرت بدەن بەم کۆمیتەیە دەربارەی بارودۆخی مافەکانی منداڵ لە ولاتەکەیاندا. کۆمیتەکەش بەم راپۆرتانەدا دەچێتەوە و تێبینی خۆی لەسەریان دەدا و هانی وڵاتان دەدا هەنگاوی پێویست بنێن بۆ باشتر کردنی بارودۆخی منداڵان.

کۆمیتەی مافەکانی منداڵ داوا لە وڵاتان دەکا رێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ وەك رێنمایەك بەکار بێنن بۆ:

- دانانی بەرنامەیەکی چڕو پڕ بۆ منداڵانی وڵات.
- بەدیهێنانی ئۆرگان و میکانیزمی هەمیشەیی بۆ برەودان بە هاوئاهەنگی و چاودێری و هەڵسەنگاندنی هەموو چالاکی یەکان لەهەموو بەشەکانی حکوومەتدا.
- دڵنیا بوون لەوەی هەموو یاساکان لەگەڵ رێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ رێك دەکەون.
- لەبەرچاوگرتنی کاروباری منداڵ لە دیاریکردنی سیاسەتی گشتیی حکوومەتدا.
- هێنانە کایەی هەڵسەنگاندنی کاروبارەکان بەپێی کاریگەرییان لەسەر منداڵ.
- شیکردنەوەی بودجە بۆ دیاریکردنی رێژەی ئەو پارەیەی بۆ منداڵان تەرخان کراوە لە خەرجی گشتیدا.
- کۆکردنەوەی زانیاری پێویست دەربارەی بارودۆخی منداڵان .
- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵك دەربارەی رێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ بە راهێنانی ئەوانەی لەو بوارەدا کار دەکەن و بە بەشداری کردنی منداڵان خۆشیان .

## هەندێ نموونەی رەنگدانەوەی رێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ

پەسەندکردنی رێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ لەلایەن نزیکەی هەموو وڵاتەکانەوە کاریگەری یەکی باشی هەبووە لەسەر پێداچوونەوەو ئیمزاکردنی رێکەوتننامەی تری پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤەوە. لە ئەمەریکای باشوور 16 وڵات یاسای نیشتمانیی خۆیان دەسکاری کردووە. زۆر وڵات قەوارەی خۆجێیی و نیشتمانی و ناوچەیی فرەلایەنەیان دامەزراندووە بۆ پێشخستنی ئامانجەکانی رێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ . بۆ نموونە لە سریلانکا کۆمیتەیەکی سەر بە سەرۆکایەتی کۆمار دامەزراوە بۆ جۆشدانی جەماوەر و رێبەرانی ئایینی و کەناڵەکانی راگەیاندن بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی مافەکانی منداڵ. لە هیندستان پەرلەمانی منداڵان و دادگای منداڵان دامەزرواوە. لە زۆر وڵاتان لیژنەو دەستەڵاتی تایبەت بە چاودێری کردنی مافەکانی منداڵ دامەزراوە.

لە هەندێ وڵات بەرنامەی نیشتمانی بۆ منداڵ دارێژراوە. لە باشووری ئەفەریقا بەرنامەی نیشتمانی کار بۆ منداڵ ساڵی 1996 دەستی پێ کرد. لە مۆزەمبیقیش بەرنامەیەکی لەوجۆرە دەستی پێ کردووە کە پشت بە رێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ دەبەستێ و هەندێ ئامانجی دیاریکراو دەست نیشان دەکا کە دەبێ لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەدی بهێنرێت.

بایەخ دان بە مافەکانی منداڵ وای کردووە لە هەندێ وڵاتدا پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کاریگەری لەسەر منداڵ هاتۆتە گۆڕێ بە مەبەستی ئەوەی بزانرێ ئاخۆ ئەو کارو بەرنامانەی جێ بەجێ دەکرێن ، با راستەوخۆ پەیوەندیشیان بە منداڵەوە نەبێ ، کاریگەری خراپ لە بارودۆخی منداڵ ناکەن.

لە هەندێ وڵات هەڵبژاردنی منداڵان و پەرلەمانی منداڵان و ئەنجوومەنی منداڵان و سیمیناری منداڵان بەریوە دەچێ. لە فەرەنسا قوتابیانی هەلبژێردراو لەسەر کورسی ئەنجوومەنی نیشتمانیی خوێندن دادەنیشن، لە چیلی مەلبەندەکانی قوتابیان چالاکانە بەشداری گۆرانگاریی دیموکراتیانەو کۆمەڵایەتی دا دەکەن. لە نەمابیبا بەرنامەکانی قوتابخانەکان دان بە مافی قوتابیان دا دەنێن بۆ بەشداری کردن لە دارشتنی سیاسەتی قوتابخانەدا. لە بولگاریا قوتابیانی ژوور 14 ساڵ بۆیان هەیە رای خۆیان دەربارەی ئەو قوتابخانەی بۆی دەچن و جۆری ئەو خوێندنەی وەری دەگرن دەربڕن.

رێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ بۆتە هۆی برەو دان بە سیستەمی دادگایی منداڵان و دارشتنی یاساگەلی وا لەلایەن وڵاتانەوە کە زیاتر هاورێی منداڵ بێ و کەمتر ببێتە هۆی تاوانبار کردن و سزادان و بەندکردن ، وە زیاتر بایەخ بە راست کردنەوە و راهێنانەو تێکەڵ بە کۆمەل کردنەوەی منداڵانی یاساشکێن بدات. یونیسێف یارمەتی وڵاتانی چاد و گانا و گینیاو مۆریتانیای داوە بۆ پێداچوونەوەی یاسای سزادانی تایبەت بە منداڵان. لە زۆر وڵات پۆلیسی پەیوەندیدار لەسەر چۆنێتی رەفتارکردن لەگەڵ منداڵاندا خولی راهێنانیان بۆ کراوەتەوە لەبەر رۆشنایی رێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ دا.

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بریاری دیاریکردنی کەمترین تەمەنی داوە بۆ ئەو کەسانەی لە هێزە ئاشتی پارێزەکاندا بەشداری دەکەن و داوای لە وڵاتان کردووە ئەو سەربازانەی رەوانەیان دەکەن باشتر وایە تەمەنیان لە 21 زیاتر بێ و بەهیچ جۆرێ لە 18 کەمتر نەبێ. ئەمەش وەك سەرمەشقێکە بۆ وڵاتان کە منداڵان لە هێزە چەکدارەکانیاندا بەکار نەهێنن لە زەمانێکدا کە ژمارەیەکی زۆر منداڵ دەخزێنرێنە ناو هێز چەکدارەکانەوە. ■

***********

1999/11/20—1989/11/20

# ڕێکەوتننامەی
# مافەکـــــــــــانی منداڵ
## کورتەیەکی بەندەکان

## بەندی 1
***پێناسەی منداڵ:*** هەرکەسێك تەمەنی لە هەژدە تێ نەپەڕیبێ بە مـەرجێ یاسـای وڵاتەکـەی جۆرێکی تـر نـەڵێ ، بـە منـداڵ دادەنرێ.

## بەندی 2
***ناجوداکاری:*** هەموو مافەکان بێ جیاوازی هەموو منداڵان دەگرنەوە. دەوڵەت دەبێ منداڵان لە هەموو جۆرە جوداکاری یەك بپارێزێ و هەوڵ بدا بۆ بڵاو کردنەوەی ئەم مافانە.

## بەندی 3
***باشترین بەرژەوەندی یەکانی منالّ:*** لە هەر کارێکدا پەیوەندی بە منداڵەوە هەبێ دەبێ باشترین بەرژەوەندییەکانی منداڵ ڕەچاو بکرێ. دەوڵەتیش دەبێ پاراستن و چاودێری منداڵ دابین بکـا بـە لەبەرچـاوگرتنی مـاف و ئەرکـەکانی دایك و بـاوك و بەخێوکەران.

## بەندی 4
***جێ بەجێ کردن:*** دەبێ دەوڵەت کار بکا بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم مافانە

## بەندی 5
***ڕۆڵی باوان :*** دەبێ دەوڵەت ڕێز لە مافی باوان و بەر پرسیارێتی یەکانیان بگرێ بۆ ڕێنمـایی و پـەروەردەی منـداڵ بـە مـەرجێ لەگەڵ توانا پەرەئەستێنەکانیاندا بگونجێ.

## بەندی 6
***مانەوە گەشە:*** هەموو منداڵێك مافی ژیانی هەیەو دەوڵەت پێویستە مانەو گەشەکردنی منداڵ دابین بکا.

## بەندی 7
***ناو و ڕەگەزنامە:*** منداڵ مافی ناو و ڕەگەزنامەی هەیە و مافی ئەوەشی هەیە تا لە تواناداا بێ باوانی بناسـێ و لـەژێر چـاودێری یاندا بێ.

## بەندی 8

***پاراستنی ناسنامە:*** دەوڵەت دەبێ ناسنامەی منداڵ بپارێزێ( ناوو رەگەزنامە و نەسەبی)

## بەندی 9:

***جیابوونەوە:*** منداڵ مافی ئەوەی هەیە لە سایەی باوانیدا پەروەردە ببێ ئەگەر ئەمە دژی بەرژەوەندی یەکانی نەبێ. ئەگەر جیاش بووەوە مافی ئەوەی هەیە پەیوەندی یان پێوە بکا.

## بەندی 10

***بەیەك شادبوونەوە:*** منداڵ و باوانی بۆیان هەیە بەمەبەستی بەیەك شادبوونەوە هەر وڵاتێك بەجێ بهێڵن و بچنە هەر وڵاتێکی تر.

## بەندی 11

***رێگرتن و گواستنەوەی زۆرەکی:*** دەوڵەت دەبێ رێ لە حیجز کردن و رفاندن و گواستنەوەی زۆرەکی منداڵ بگرێ لە لایـەن هەر کەس و لایەنێکەوە.

## بەندی 12

***رای منداڵ:*** دەبێ رێگە بە منداڵ بدرێ لەو مەسەلانەدا کە پەیوەندی یان پێوەی هەیە رای خۆی بدا و حسابی بۆ بکرێ.

## بەندی 13

***ئازادی دەربرین :*** منداڵ مافی هەیە لە چوارچێوەی یاسادا بە ئازادی بیر و بۆچوونی خۆی دەربرێ.

## بەندی 14

***ئازادی بیرو بۆچوون:*** بەلەبەرچاوگرتنی مافی باوان، منداڵ مافی ئازادیی بیر و بۆچوون و ئاییی هەیە.

## بەندی 15

***مافی کۆبوونەوە:*** منداڵ مافی کۆبوونەوە و دروست کردنی کۆمەڵە و بوونە ئەندامی هەیە.

## بەندی 16

***ژیانی تایبەتی:*** منداڵ مافی هەیە پارێزراو بێ لە خۆهەلقورتاندن لە ژیانی تایبەتی خۆی و خێزانی و نامەکانی و سووکایەتی پێ کردن.

## بەندی 17

***راگەیاندن :*** دەوڵەت دەبێ دابینی ئەوە بیکات زانیاری بەسوود لەرێگەی سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە دەگاتە دەست منداڵ و لە زانیاری زیانبەخش بیانپارێزێ.

## بەندی 18

***بەرپرسیارێتی باوان:*** پەروەردەکردن و بەخێوکردنی منداڵ ئەرکی سەرەتایی دایك وباوکەو دەوڵەتیش لەم رووەوە یارمەتییان دەدا.

## بەندی 19

***بەدرەفتاری:*** دەوڵەت دەبێ منداڵ بپارێزێ لە هەموو جۆرە بەدرەفتاری و لێدان و زۆر لێکردنێك لەلایەن باوان و بەخێوکەرانی تری منداڵەوە و یارمەتی قوربانی ئەم جۆرە کارانە بدات.

## بەندی 20

***منداڵی بێ خێزان:*** دەوڵەت ئەرکی بەخێوکردنی ئەو مندالآنە دەگرێتە ئەستۆ کە لە خێزانیان دابراون چ لە خێزانێکی تر دا یان لە دامەزراوە گشتی یەکاندا.

## بەندی 21

***گرتنە خۆ:*** ئەو دەوڵەتانەی گرتنەخۆیان قبووڵە دەبێ ئەم کارە بە رەچاوکردنی باشترین بەرژەوەندی یەکانی منداڵ و پەیرەوی یاسا ئەنجام بدەن.

## بەندی 22

***پەنابەران:*** دەوڵەت دەبێ یارمەتی مندالآنی پەنابەر و ئەوانەی دەیانەوێ ببنە پەنابەر بدات و هاوکاری ئەو ئاژانسانە بکا کە لەم بوارەدا کار دەکەن.

## بەندی 23

***کەم ئەندامان:*** منداڵی کەم ئەندام مافی چاودێری تایبەتی و فێربوون و راهێنانێکی گونجاوی وای هەیە کە ژیانێکی شەرافەتمەندانەی بۆ دابین بکا و زیاترین رادەی پشت بەخۆ بەستن و تێکەڵ بوونی کۆمەڵایەتی بۆ مسۆگەر بکا.

## بەندی 24

***تەندروستی:*** منداڵ مافی باشترین چاودێری تەندروستی هەیە. دەوڵەت دەبێ چاودێری تەندروستی سەرەتایی و پاراستن بۆ هەموو مندالآن دابین بکا و هەوڵ بدا بۆ کەم کردنەوەی رێژەی مردنی مندالآن.

## بەندی 25

***پێداچوونەوە:*** دەوڵەت دەبێ بە رێکوپێکی چاو بە وەزعی ئەو مندالآنەدا بخشێنێتەوە کە لەبەر هۆی جەستەیی و عەقلی بە مەبەستی چاودێری و چارەو پاراستن لە دامەزراوەکاندا دادەنرێن .

## بەندی 26

***بیمە:*** منداڵ مافی هەیە کەڵك لە دابین کردنی (بیمەی) کۆمەڵایەتی وەربگرێ

## بەندی 27

***ئاستی ژیان:*** هەموو منداڵێك مافی ئاستی ژیانێکی گونجاوی هەیە لەگەڵ گەشەی جەستەیی و عەقڵیدا بگونجێ و ئەمەش ئەرکی باوانە و دەوڵەتیش ئەبێ یارمەتی بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکە بدات.

## بەندی 28

***خوێندن:*** منداڵ مافی خوێندنی هەیە و دەوڵەت پێویستە لانی کەم خوێندنی سەرەتایی ناچاری و خۆڕایی بکات بۆ هەموان. سیستەمی قوتابخانە دەبێ لەگەڵ مافەکان و کەرامەتی منداڵدا بگونجێ.

## بەندی 29

***ئامانجی خوێندن:*** ئامانجی خوێندن ئەبێ پەرەپێدانی کەسایەتی و تواناکانی منداڵ بێ و ئامادە کردنی بێ بۆ ژیانی داهاتوو. هەروەها پەرەپێدانی رێزگرتنی منداڵ لە باوان و بەها نیشتمانی یەکان و مافی خەڵکانی تر.

## بەندی 30

***کەمایەتی یەکان:*** منداڵانی کەمەنەتەوایەتی یەکان و دانیشتوانە ئەسڵی یەکان مافی ئەوەیان هەیە زمان و ئایین و کلتووری خۆیان بەکار بێنن.

## بەندی 31

***یاری و سەرگەرمی:*** منداڵ مافی حەوانەوە و یاری و بەشداری کردنی چالاکی رۆشنبیری و هونەری هەیە.

## بەندی 32

***منداڵی ئیشکەر:*** منداڵ دەبێ پارێزراو بێ لە ئیستیغلالی ئابووری و هەر ئیشێك کە مەترسی بۆی هەبێ و رێگر بێ لەبەردەم گەشەی جەستەیی و عەقڵی و کۆمەڵایەتی و خوێندن و تەندروستی دا.

## بەندی 33

***مادەی بێ هۆشکەر:*** منداڵ دەبێ پارێزراو بێ لە بەکارهێنانی مادە بێ هۆشکەرەکان و ئیشیشی لەبەرهەم هێنانی ئەو مادانەدا پێ نەکرێ.

## بەندی 34

***ئیستیغلالی سێکسی:*** منداڵ دەبێ پارێزراو بێ لە هەموو جۆرەکانی ئیستیغلالی سێکسی.

## بەندی 35

***رفاندن و فرۆشتن:*** دەوڵەت دەبێ منداڵان بپارێزی لە ڕفاندن و فرۆشتن و بازرگانی پێوە کردن.

## بەندی 36

***ئیستیغلالی تر:*** منداڵ دەبێ پارێزراو بێ لە هەموو جۆرە ئیستیغلالێك کە زیان بە هەر لایەنێکی خۆش گوزەرانی منداڵ بگەیەنێ.

## بەندی 37

***ئەشکەنجەو گرتن:*** منداڵ دەبێ پارێزراو بێ لە ئەشکەنجەو بەدرەفتاری و سزاو ئیعدام و حوکمی ئەبەدی. منداڵی گیراو دەبێ دوور لە گەورە دابنرێ و رەفتاری نامرۆڤانەی لەگەڵ نەکرێو هەلومەرجی یاسایی بۆ برەخسێنرێ و پەیوەندی بە باوانیەوە نەپچرێ.

## بەندی 38

***کێشەی چەکدار:*** نابێ منداڵی خوار پازدە ساڵ لە شەڕدا بەشداری بکات. دەوڵەت دەبێ پاراستن و چاودێری پێویست بۆ ئەو منداڵانە دابین بکا کە ئەکەونە ژێر کاریگەری کێشەی چەکدار.

## بەندی 39

***راهێنانەوە:*** دەوڵەت دەبێ راهێنانەوەو تێکەڵ بوونەوەی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو ئەو منداڵانە دابین بکا کە گرفتاری کێشەی چەکدارو ئەشکەنجەو پشتگوێ خستن و بەدرەفتاری و هەر جۆرە ئیستیغلالێکی تر دەبن.

## بەندی 40

***ئەو منداڵەی تاوانبار دەکرێ*** دەبێ تەمەنی لەبەرچاو بگیرێ و بە شێوەیەکی وا رەفتاری لەگەڵ بکرێ هەست بە کەرامەتی لەکەدار نەبێ و مافەکانی لەبەرچاو بگیرێ و راوێژکاری یاسایی و هەر یارمەتی یەکی تری بۆ دەستەبەربکرێ کەبۆ بەرگری پێویست بێ. باشتریش وایە تا بتوانرێ منداڵ نەخرێتە زیندان.

## بەندی 41

***باشترین یاساکان:*** ئەگەر یاسا دەوڵەتی یەکان یا هەر یاسایەکی پەیرەوی کراو لە بواری مافی منداڵ دا باشتر بوون لە بەندەکانی ئەم رێکەوتننامەیە ئەوا دەبێ ئەوباشترانە پەیرەوی بکرێن.

**********

**ئامادەکردنی : ناصح قەرەداغی**

**یونیسێف/ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان**

**بەشی راگەیاندن**

1999